دەزگای خێرخوازیی بارزانی چالاکییەک بۆ منداڵان لە کەمپی چەمەکۆر بەڕێوەدەبات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی قوتابیانی قوتابخانەی ئاوارەکانی لە کەمپی چەمەکۆر بەسەرکردەوە و ڕێنمایی پاکوخاوێنی پێشکەشی قوتابیانی قوتابخانەکە کرد.

دوێنێ تیمی دەزگای خێرخوازیی بارزانی فلچە و مەعجونی ددانی و پێداویستییەکانی دیکەی خاوێنکەرەوەی پێشکەشی ٣٥٠ منداڵی قوتابی قوتابخانەی ئاوارەکانی کەمپی چەمەکۆر کرد.

جێگای ئاماژەیە منداڵانی ئاوارە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە لە خوێندن دابڕابوون، ئێستا لە کەمپەکاندا قوتابخانەی تایبەتییان بۆ کراوەتەوە و دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی پێداویستی بۆ ئەو منداڵانە بەبێ جیاوازی و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین دەکات.

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیان ڕۆڵی لاوان بەرز دەنرخێنێ

خەبات- ئارام شێرکۆ: شاندێکی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی تەیمور تەیمور سەردانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد، چاویان کەوت بە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەن. شاندی یاوەر لە لایان سەلاح دەلۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیان و دیاری حوسێن و جێگری سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنەوە پێشوازیان لێکراوە هاتنیان بە گرنگ وەسف کرا. لە دیدارەکدا سەلاح دەلۆ ،ویڕای بەخێرهاتنیان بۆ شاری کەرکووک ڕۆڵی لاوانی بەرز نرخاند لە هەموو قوناغە جیاوازەکان لە هەمان کاتدا باسی ڕۆڵی یەکێتی لاوان کرا ،کە توانیویانە لە هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی جیگای دەستیان دیار بێت لە خزمەتکردنی ئەم خاک و وڵاتە. سەلاح دەلۆ گوتیشی: هەر لاوانی وڵات لە ئایندە دەبن بە پێشەنگی ئەو وڵاتە بۆیە لاوان بە بناغەی سەرەکی وڵات و سەرکەوتنەکانی دادەنرێت لە هەموو جیهان لە ئێستایشدا پێوستە زۆر بەباشی کاریەکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان، چونکە پێویستە هەموو بەیەک دەستی کار بکەین بۆ ئیستاو نەوەکانی دواترمان کە سەر بەخۆین بە نازادی ژیانی خۆیان بە سەر بەرن.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین: پێویستە لاوان ئەو متمانەیە بپارێزن کە بارزانیی نەمر بە شووڕەی پۆڵایین ناوی بردوون

ڕێککەوتی 16-5-2017 لە بارەگای لق هۆڵی شەهیدان هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتیمان و بەرپرسی لقی 24ی سەفین، لەلایەن یەکێتی لاوان ناوەندی بالای سەفین بە ئامادەی ستافی لق و سەرجەم ناوەندو گروپەکانی سنوری لق لەژێر ناونیشانی لاوان و ئەرکەکانیان سمینارێکی فراوانی بۆ سازکرا، لە سەرەتای سمینارەکە دوای دەقیقەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد لە لایەن خەلیل خۆشناو بەرپرسی ناوەندی بالای سەفین بەناوی خۆی وسەرجەم لاوانی ئامادەبوو بەخێرهاتنی بەرپرسی لقی24ی سەفینی کردو دوهی فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا کەندال نەزان بەرپرسێ ئەنستتیوتا کوردی ل پاریسێ کر.

دهەڤدیتنەکێ دا بەحسێ کارو بزاڤێن ئەنستتیویا کوردی ل پاریس و بەرنامێن وێ و چاوانیا خزمەتکرنا زمان و کەلتورێ کوردی هاتە کرن ,بەرپرسێ ئەنستتیوتێ کورتیەک دا سەر کارو بزاڤێن وێ و ئەو خزمەتا پێشکێشی زمان و کلتورێ کوردی دکەن.

د لایەکێ دیو هەڤدیتنێ دا بەحسێ سەروبەرێ دەڤەرێ و شەرێ داعش و هاتنا ئاوارە و پەنابەرا بو سنورێ پارێزگەهێ هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ کورتیەک دا سەر کارو و خزمەتێن کارگێریا پارێزگەهێ و حکومەتا هەرێمێ ب هاریکاری و پشتەڤانیا ڕێکخراوێن UN و خێر خازی بو ئاوارە و پەنابەرا کرین ,هەروەسا پارێزگەرێ دهۆکێ دیار کر کو گفاشتنەکا سمینارەکەی، لەلایەن بەرپرسی لقەوە بە چەند تەوەرێکی جیاوازو گرنگ باسی لە میژوو خەباتی ئێستای لاوان لاوان لە لایەنی ڕێکخراوەیی و پیشە پیشەوەکرد و گوتی: لاوان خاوەن متمانەی بارزانیی نەمرن کە فەرمویەتی شورەی پۆڵایین بۆ پاراستنی کوردستان بۆیە پێویستە ئەو متمانەیە بپارێزن و پابەندی بن و بەردو پێشی ببەن، واتا پێویستە لاوان بەرلە هەموو ئەرکێک خزمەتی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بکەن و شوناسی خۆیان و نەتەوەکەمان بپارێزن، هاوکات خۆیان پەروەردە بکەن و بە بەهرەو پیشەی گرنگ خۆیان پێبگەیین و خاوەن بڕواو متمانە بە خۆیان بن ئێمەش هاوکارو پشگیرتان دەبین چۆن ئەرکی خۆتان جێ بەجێدەکەن و بەرگری لە مافیشتان دەکەین و هاوکارتان دەبین تاکو ئامانجە ڕێکخراوەی و پیشەی خۆتان دەستەبەر دەکەن بۆ ئێستا و دوارۆژی خۆتان و نەتەوەکەتان، بەر لە کۆتایی سمینارەکە لەلایەن بەرپرسی ناوەندی بالای سەفین سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی بەرپرسی لقی 24ی سەفین کردو داوای کرد ئەم کۆبوونەودو سمینارانە بەردەوامیان هەبێت بۆ هۆشیاری و پێشکەوتنی لاوان.

بەرپرسێ ئەنستتیویا کوردی ل پاریس: ژبەر حەواندنا ئاوارا ناڤێ کوردا ل هەمی جیهانێ دەنگ ڤەدایە



خەبات- فاتیح بەرزنجی: دوێنێ لە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم لەشاری هەولێر لەلایەن یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی دیدارێکی فراوان بە ئامادەبوونی هەریەکە لە دکتۆر نوری عوسمان سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و دۆمەنێک ماس کونسوڵی گشتی وڵاتی فەرەنسا لە هەولێرو دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم و ئەندازیار حەزدەکەین دیداری بازرگانی و پیشەسازی لەنێوان وڵاتی فەرەنساو و کوردستان سازبکرێت و کۆمپانیاکانی وڵاتی فەرەنسا خۆشحاڵ و بەختەوەرن لە کوردستان زیاتر ئاوەدانکردنەوە بکەن و پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدەن و داوا لەخاوەن کۆمپانیاکانی کوردستانیش دەکەین کە پەیوەندیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی فەرەنسا پتەوتر بکەن. دواتر لە وتەیەکدا دۆمەنیک ماس کونسوڵی وڵاتی فەرەنسا لە هەولێر ڕوونیکردەوە: پەیوەندیەکامان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەهەموو ڕوبەکەوە زۆر پتەوە، ئەگەرچی کۆمپانیاکانی وڵاتی فەرەنسا زۆر دەمێکە حەزدەکەن بێنە کوردستان کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدەن و هەوڵماداوە کۆمپانیاکان تایبێتە کوردستان کارو پرۆژە ئەنجام بدەن، دیارە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی سەخت بۆتەوەو بەڵام کۆمپانیاکانی فەرەنسا لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماوانەتەوەو خۆزاگریان کردووەو پەیوەندیان بەردەوامە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. دواتر دکتۆر نوری عوسمان سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتەیەکی پێشکەش کردو ڕوونیکردەوە: هەر لە کۆتەوە پەیوەندییەکانی وڵاتی فەرەنسا لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی لەمێژینەو کۆنەو ڕۆژلەدوای ڕۆژئەوپەیوەندیە پتەوتر دەبێت، شایانی باسە وڵاتی فەرەنسا و میللەتەکەی و لەسەرووی هەموویانەوە مەدام میتران ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبوو لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد هەرلەساڵی 1991وە هەتائێستا ئەو پەیوەندیە زۆر گرنگ وپرلەبایەخەو لەشەری تیرۆرستانی داعش وڵاتی فەرەنسا ڕۆڵی کارای هەبووە. دیارە ئەو کۆبوونەوەوەیەی ئەمرۆکەش پەرە پێدانە بۆئەو پەیوەندیە میژووییانەی کەلەگەڵ وڵاتی فەرەنسادا هەیە. بێگومان وڵاتی ئێمە پێویستی بەپەیوەندی نێو دەوڵەتی هەیە هەم بۆپالپشتی سیاسی وهەم بۆپالپشتی ئابووری بەتایبەتی لەکاتێکدا ئێمە لەقەیرانێکی دارایی زۆر سەختداین. دواتر بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاگرین عەبدوڵلا وتەیەکی پێشکەش کردو ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگی کۆمپانیا فەرنسیەکان دا لە بواری ڕێگاوبان کاری سەرکەوتوویان ئەنجامداوە و هیوادارین کاری زیاتر بۆ ئایینده ئەنجام بدەن. پاشان بەڕێوەبەری گشتی پلان وتەیەکی پێشکەش کردو گوتی: ڕێکخستنی ئەو جۆرە دیدارە زۆر گرنگەو ئومێدەوارین دیداری زیاتریش ئەنجام بدرێت تاکۆمپانیاکانی وڵاتانی دیکەش ڕوولەکوردستان بکەن، ئەگەر چی قەیرانی دارایی وای کردووە کەکارو پرۆژەکان بوەستن و وەزارەتی ئێمە لەدانانی بودجەپلانێکی گرنگ بووە بەڵام قەیرانی دارایی وای کرد کە زیاتر لە ((3هەزارو600پرۆژەی خزمەت گوزاری لەسێکتەرە جیاجیاکاندا وەستاون لەبەر ئەوقەیرانە داراییە بۆیە هاتنی کۆمپانیاکانی وڵاتی فەرەنسا بۆ کوردستان زۆر لە کۆتاییشدا چەند وتەیەک لە لایەن ژمارەیەک لە بزنسمانان و کۆمپانیاکان پێشکەش کرا.

هەولێر... بە چاودێریی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم دیداری شاندی کۆمپانیاکانی وڵاتی فەرەنسا و کۆمپانیا خۆماڵییەکان ڕێکخرا

خەبات/ سەید فەخرەدین: دوێنێ ئێوارە لە هۆڵی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر سمینارێک لەژێر ناونیشانی "داعش، خۆڵ و خاشاک، دوو دوژمنە سەرەکییەکەی هەولێر کامیان ترسناکترە" بەڕێوەچوو، کە بۆ ئەندازیار موحسین گەردی ڕێکخرابوو. سیمینارەکە بەئامادەبوونی بەختیار عەبدوڵلا پشدەری بەرپرسی نووسینگەی ئەندازیارانی لقی دوو ئەندازیار مەسعود کارەش بەڕێوەبەری گشتیی ئاوی هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی هەولێر و فەرمانبەرانی شارەوانییەکان بەڕێوەچوو. تیایدا ئەندازیار ئەندام موحسین باسی لەچۆنیەتی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی زانستی کرد، بەتایبەت لە ئێستادا کە ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠٠ تەن زبڵ و خاشاک لە هەولێر کۆدەکرێتەوەو ڕەوانەی کانی قرژالە دەکرێت، کە ئەمەش زیانێکی زۆر بە ژینگەو سروشتی ناوچەکە و دەوروبەری دەگەیێنێت تەنانەت زیانەکانی دەگاتە شاری هەولێر بەتایبەت لەو کاتانەی کە زبڵ و خاشاکەکە ئاگر دەیگرێت و کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێت. لەکۆتایی سیمینارەکەشدا ڕاو سەرنجەکانی ئامادەبووان گەرم و گوڕی زیاتری بە سیمینارەکە بەخشی.

داعش، خۆڵ و خاشاک، دوو دوژمنە سەرەکییەکەی هەولێر کامیان ترسناکترە

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر پەروەردەی مێرگەسۆری بەسەر کردەوە

مسلم دزلەمەری- بارزان: بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی پەروەردەی مێرگەسوور لەنزیکەوە ئاگاداربونی چۆنیەتی بەڕێوەچونی ئەزمونەکانی کۆتایی ساڵ و باسکردن لە پێداویستی و کەموکوریەکانی سنوری پەروەردەی مێرگەسور مامۆستا بەشدار بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو شانەیەکی یاوەری سەردانی پەروەردەی مێرگەسوریان کرد. دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی مێرگەسور شێخ دلێر بارزانی و ستافی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و دانیشتن و باسکردنی بواری پەروەردەی لەم سنورە سەردانێکی مەیدانیان کرد بۆ چەندین قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی ناوبراو لە نزیکەوە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەزمونەکانیان بینی و وێڕای دەستخۆشی کردن لە مامۆستایانی سنورەکە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەزمونەکان و بەباشی بەڕێوەچوونی بواری پەروەردەیان لە دەڤەری بارزان بەباشی وەسفکرد.